ئەنجومەنی دادوەری: لێکۆڵینەوە لەگەڵ زیاتر لە 500 تۆمەتباری داعش کە لە سووریاوە گواسترانەتەوە کراوە



ئەمڕۆ دووشەممە، 16ـی شوباتی 2026، ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق رایگەیاند کە قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی بە زیاتر لە 500 دەستگیرکراوی تاقمی تیرۆریستی داعش تەواو بووە، کە پێشتر لە زیندانەکانی سووریاوە بۆ عێراق گواسترانەتەوە.

ئەنجوومەنی باڵای دادوەری راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە وکۆپییەکی دەستی موتەڵیع کەوتووه، تێیدا هاتووە، دادوەر خالید مەشهەدانی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی بەغدا/ کەرخ، لەگەڵ دادوەر عەلی حوسێن جەفات دادوەری یەکەمی دادگای لێکۆڵینەوەی کەرخ، سەردانی ئەو بنکەیەی کردووە کە تایبەت کراوە بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو زیندانییە داعشانەی لە سووریاوە گەڕێنراونەتەوە، ئەمەش بە مەبەستی چاودێریکردنی وردی ڕێکارە یاساییەکان.

لە راگایەندراوەکەدا هاتووە، دادگای لێکۆڵینەوەی کەرخ تا ئێستا وردبینی و لێکۆڵینەوەی بە زیاتر لە 500 تۆمەتبار کردووە، لەو نێوەندەشدا 157 نەوجەوان کە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵییەوەیە جیاکراونەتەوە و دۆسیەکانیان رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی نەوجەوانان کراوە، بڕیار دراوە ئەم

نەوجەوانانە بخرێنە خانەی چاکسازیی نەوجەوانان تاوەکو بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان و بە
رەچاوکردنی تەمەنیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، کۆی گشتی ئەو تەمەنبارانەی لە سووریاوە رادەستی عێراق کراونەتەوە
گەیشتووەتە 5704 کەس، کە هەڵگری 61 رەگەزنامەی جیاوازی وڵاتانی عەرەبی و جیهانین.